# به پێكهێنانی لەشكری پرۆلیتاریا پێشوازی لە 1ی ئایار دەكەین!

***كریكاران، جەماوەری زەحمەتكێش!***

ئەم رۆژانە پێشوازی لە چوارەمین ئایاری دوای رووخانی رژێمی فاشیستی بەعس دەكەین. دوای 35 سال خەبات و قوربابیدان لە پیناو ژێرەوژوركردنی ئەو رژێمە هارو درندەیەی سەرمایەو چاوەروانی بۆ ئایندەیەكی باشتر، جەنگ و داگیركاری ئەمریكا، كۆمەلگای عیراق و ژیانی ئیمەی لە ناوە سیناریۆیەكی كارەستبارتر لەوەی رابردوو نوقم كردوە. سی سالە رۆژ لە دوای رۆژو ئایار لە دوای ئایار ئەم كارەستگایە قولتر دەبیتەوە. لە ناو زەلكاودا میكرۆب و نەخۆشی نەشونما دەكات، لە نیو ئەم زەلكاوە سیاسیەشدا رۆژانە هیزی كۆنەپەرست و دەستەو تاقمی رەش و رەشتر بۆ نابوتكردنی كۆمەلگاو ژیانی مەدەنی سەردەهینن و باردین و پەرەدەسەنن.

حەلقە یەك لە دوای یەكەكانی سیناریۆی تەلخ و تالی نەزمی نوێی ئەمریكا، كە گوایە بارانی دیموكراسی بەسەر عیراقدا باراندوە ، بەردەوام زیاترو زیاتر خەلكی كۆمەلگایە گرفتاردەكات. جەنگ و داگیركاری، شەریكی نەبراوەی تیرۆریستی بەدوای خۆیدا هینا، كە بە هەزاران ئینسانی گەورەو بچوكی بێتاوانی كردوە بە قوربانی. داسەپاندنی دەسەلاتی كۆنەپەرستانەی هیزە قەومی و دینیە میلیشیایەكان، بە زۆرو زۆرداری مۆری ساختەی قەومی و تائیفی و عەشیرەتی لە نیوچەوانی كریكاران و سەرجەم دانیشتوان داوەو لە سەنگەری بەرامبەر بە یەكدا رایگرتوون. سەرئەنجامیش داسەپاندنی دەستوری فاشیانەو گالتەجاری هەلبژاردن، جەنگیگی تائیفی درندانەی بەدوای خۆیدا هیناوە كە هیچ ئارامی و ئەمنیەتیكی بۆ دانیشتوانی ئەم كۆمەلگایە نەهیشتوەتەوە.

ئەم جەنگە جەنگیكی كۆنەپەرستانەیە لە پیناو بردنی بەشی زیاتر لەو دەسەلاتە گەندەلەی كە لە سایەی داگیركاری ئەمریكادا داسەپینراوە، بەلام كریكاران و جەماوەری زەحمەتكێش دەكرین بە سوتەمەنی و خۆراك بۆی. ئەم جەماوەرەیان بە چەكی تائیفی و قەومی چەكداركردوە، بۆ ئەوەی لە پیناو ساغكردنەوەی بەشە دەسەلاتی هیزە قومی و دینیەكاندا یەكتری بكوژن. لە ئایاری پارەوە تا ئایاری ئەمسال لە كارگەو مەیدانەكانی كاردا چەند كوشتارگای بە كۆمەلیان بۆ كریكاران بەرپاكرد، بە كۆمەل كریكارانیان قەتل وعامكرد بە بەهانەی پیسی تائیفەگەری، هەر لە چوارچیوەی ئەم شەرە چەپەلەداو لە پیناو ئەو ئامانجە حەقیرانەیەدا، بە هەزارن خیزانی كریكارو زەحمەتكێش دەربەدەرو ئاوارە كراون.

ئەمرۆ لە پال هەموو محنەتەكانی وەكو، برسیتی و بیدەرەتانی، بیكاری و هەژاری، گرانی كەمەرشكێن و ئەستاندنەوەی دەسكەوتە سەرەتاییەكانی دەیان سالی رابردووی بزوتنەوەی كریكاری، جەنگ و تیرۆریزم و نائەمنی و سەرەنیزەی میلیشیا و باندی مافیایی، مانەوەی فیزیكی خۆمان و خیزانەكانمانی لەبەردەم خەتەری بەردەوامدا راگرتووە. ئیتر هیچ بوارو دەرەتانیك نەماوەتەوە، ئەمریكاو دەسەلاتی دەستسازی و هیزە قەومی و دینیەكان خۆیان خولقینەری ئەم كوشتارگاو فەزا نا ئەمنیەن، هیچ فریشتەیەكیش بریار نیە لە ئاسمانەوە بیت و ئیمە لە خەتەری ئاگری ئەم جەنگ و نا ئەمنیە رزگار بكات. دەبی خۆمان بۆ رزگاری خۆمان و پاراستنی ئەمنیەت و گیانی خیزانەكانمان دەستدەینە چەك و بیینەمەیدان.

با بانگەوازو دروشمی 1ی ئایاری ئەمسال، وەكو رۆژی هەستان و ئیرادە نوانی چینی كریكار بۆ نەخشاندنی چارەنوسی كۆمەلگا، بانگەوازو ئیرادەنواندن بیت بۆ پیكهینانی لەشكری سەربەخۆی پرۆلیتاریا. لە نیو ئەم جەنگەلستان و فەزای نا ئەمنیەدا، كە سەرجەم هیزو بزووتنەوە بورژوازیەكان چەكدارو خاوەن سوپای خۆیانن بۆ نائەمنكردنی ژیانی ئیمە، كریكاران و جەماوەری زەحمەتكێشیش وەكو پیویستیەكی حەیاتی دەبی لەشكری سەربەخۆیان دامەزرینن. دەبی بە چەكی دەستی خۆیان ئەمنیەتی خۆیان و خیزانەكانیان دابینبكەن و كۆمەلگاكەیان لە بەربەریەت و جەنگ و ملهوری و نائەمنی رزگاربكەن. ئەمە پیویستیەكی حەیاتیەو ریگایەكی ترمان لە پیش نیە، ئەگەر خۆمان چەكدار نەكەین و سوپای خۆمان دانەمەزرینین، ئاگری جەنگ و كوشتاری كۆنەپەرستانە هەموومان دەسوتینێ.

1ی ئایار رۆژی هەستان و رابرونی چینی كریكارو جەماوەری زەحمەتكێشە. با 1ی ئایار بكەین بە رۆژی دەستبەكاربوون بۆ دامەزراندنی سوپای پرۆلیتاریای شۆرشگیر. لە كارگەو گەرەك خۆمان چەكداربكەین، دەستە چەكدارەكانی لەشكری كریكاران و بەشمەینەتان پیكبهینن. لە دەوری ئالای كۆنگرەی ئازادی عیراق، وەكو بەدیلی چینی كریكار بۆ هەل ومەرجی ئیستاو گیرانەوەی ئەمنیەت و ژیانی مەدەنی و ئازادی بۆ كۆمەلگا، دەستەكانی ئەم سوپایە لیكهەلپیكن. چەكداربین و بە كۆنگرەی ئازادی عیراقەوە پەیوەستبین. با كۆنگرە بكەین بە ئامرازی دەخالەتی سیاسی و نەخشاندنی سبەینێی كۆمەلگا، كۆنگرەی ئازادی عیراق بەدیلی كۆمۆنیزم و چەپ و چینی كریكارو جەماوەری زەحمەتكێشە بۆ دەرهینانی كۆمەلگا لە سیناریۆی رەش و جەنگ و نائەمنی. هیزی چەكداری كۆنگرەش لەشكری كریكاران و جەماوەری ئازادیخوازە بۆ بەرگری لە ئەمنیەت و سەروماڵی هاولاتیان و رزگاركردنی كۆمەلگا. كەوایە با خۆمان چەكدارو ریكخراوبكەین و بە كۆنگرەو هیزی چەكداری كۆنگرەوە پەیوەستبن و هیزو قودرەتی پیبدەین.

بژی 1ی ئایار رۆژی یەكیتی و هاوپشتی جیهانی چینی كریكار!

بۆپیشەوە بەرەو پیكهینانی لەشكری پرۆلیناریا!

***رێبوار ئەحمەد/ سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی***

***حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق***

***كۆتایی نیسانی 2006***